www.fermude.com

# پەندوئامۆژگاری وەرگرتن لەڕوداوەکان

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين، له پاشاندا :**

گەلی کورد گەلێکی موسڵمانه وهەردەم شانازی بەوەوە کردووه که موسڵمانه، لەگەڵ ئەوەیشدا که موسڵمانه جەور و ستەمێکی زۆری بینیوه بەدەست میللەتە موسڵمانەکانی دەوروبەری وهەردەم قوربانی پیلانەکانی خاچ پەرستەکان و گەلانی دەوروبەری خۆی بووه و ئەو جەورو ستەمەی لەم میللەته کراوه بێ وێنەیه لەناوچەکەدا وەك هەموومان دەزانین ، منیش وەکو موسڵمانێك وکوردێکی دڵسۆز بۆ ئایینەکەم ومیللەتەکەم وام بەباش زانی کەئەوەی بەسەر میللەتەکەمدا هاتووه لەڕابردوودا وئەوحاڵەتەی کەئێستا تێیدا دەژین بەبۆچونێکی شەرعی بۆی بچم وهەرچی کەم وکورتیيەکمان تیدابوو سەبارەت بەئایینەکەمان وخوای گەورە بەگوێرەی توانا وبەیارمەتی خوای گەورە بتوانین ئەو کەم وکورتیانه نەهێڵین وپڕیان بکەینەوه بۆ ئەوەی ئایندەیەکی ڕوناك بۆ میللەتەکەمان بهێنینه کایەوه، ولەڕەزامەندی خوای گەورەدا بین بۆ ئەوەی ئەو ڕوناکی ورۆشناییيەمان لێ جیا نەبێتەوه وهەردەم لەگەڵماندا بێت لەناو گۆڕو لەسەر پردی(**صراط**)

**انشاء الله** .

## هۆی چی یە کارەساتمان بەسەردادێت ؟

زۆربەی ئەو کارەسات و کێشانەی ئادەمیزاد دووچاری دەبێتەوه دەتوانین لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆیان بکەینەوه:

١- خوای گەورە بەندەکانی تاقی دەکاتەوه بۆ ئەوەی جەزایان بداتەوه بە گوێرەی ئارام گرتن یان بێ ئارامی بەندەکانی لەو ناخۆشی و کارەساتانەی کە بە سەریاندا دێت .

٢- ئەم کارەساتانە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوان ئەگەر بەندە ئارامگر بێت لە سەر ئەو کارەساتانەی کەتوشی دەبێت، یان پلەی زۆر بەرز دەبێتەوە ئەگەر لەگەڵ ئارامگرتنەکەیدا سوپاس و ستایشی خوای لە سەر بکات .

٣- بەهۆی تاوانی بەندەوە خوای گەورە سزای دەدات، یان سزایەکی هەمیشەیی لە دونیا و قیامەتدا ، یاخود سزایەکی کاتی بۆئەوەی ئەو بەندەیە هۆشیار ببێتەوە و بێتەوە سەر خۆی و هەست بە تاوانەکانی بکات .

هەندێ جۆری تریش هەیە لە سزا و کارەسات کە خوای گەورە حیکمەتێکی تایبەتی تێدایە کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، وە ئەگەر بێت و کارەسات و سزای خوای گەورە میللەتێك بگرێتەوە ئەوا لەگەڵ ئەم خاڵانەی کە باسمان کرد چەندەها حیکمەتی تری تێدایە .

ئەگەر بێتو بە ووردی سەرەنج بدەینە ئەو خاڵانەی باسمان کرد کە دەبنە هۆی ئەوەی کارەسات دووچاری ئادەمیزاد و میللەتان بێتەوە، دەبینین کە هەمووی دێتەوە سەر ئەوەی کە تاوان هۆی سەرەکی یەتی وەکو خوای گەورە دادەفەرمێت:

﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾(١).

واتە / هەرچیچاکەو خێروخۆشیت بە سەردا دێت ئەوا لە کەرەم و ڕەحمەتی خواوەیە، وهەرچیناخۆشی وخراپەیە کیشت بە سەردا هاتبێت ئەوا بەهۆی تاوانی خۆتەوە توشت بووە و منیش بۆتم تەقدیر کردووە .

## بۆچی کافرەکان لەخۆشیدا دەژین و کارەساتیان لە ئێمە کەمتر بە سەردا دێت لەگەڵ ئەوەی کە کافرن ؟

لێرەدا ئەم گومانەدێتەکایەوەکەزۆربەی خەڵکیئەوەی پێ ڕەد دەکەنەوە کە تاوان هۆکاری دووچاربوونەوەی کارەساتە، لەبەرئەوەی کە کافرەکان

---

(١) - (النساء / ٧٩ ) .

تاوانیان زۆر گەورەیە وهیچ کردەوەیەکیچاکەیان بۆ نانوسرێت و پاداشتیان نیيە لە بەر ئەوەی کوفرەکەیان هەموو کارە چاکەکەیان هەڵدەوەشێتەوە وەکوخوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[٢] .

لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی زۆر خۆش دەبەنە سەر وکارەساتیان لە موسڵمانان کەمتر بە سەردا دێت، وە ئەگەر بێتوچاو بخشێنی بە قورئان وسوننەتەکانی پێغەمبەردا(ﷺ) ئەوا وەلامی ئەم شوبهەیە لە چەند شوێنێکدا بەدی دەکەین، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرمێت :﴿وَلَوْلَا أَنْ يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَجَعَلْنَا لِمَنْ يَكْفُرُ بِالرَّحْمَنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِنْ فَضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِئُونَ وَزُخْرُفًا وَإِنْ كُلُّ ذَلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ عِنْدَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ﴾[٣].واتە /( ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە هەموو خەڵکی ببن بە کافرو بەرە و خۆشی دونیا برۆن و ڕەحمی خوا بە موسڵمانان نەبوایا، ئەوا ئەو کەسانەی کەکوفر بە خوای گەورە دەکەن، وامان لێیان دەکرد کە بنمیچ و پەیژەی خانووەکانیان کە پێی دەچنە نهۆمەکانی تر لەزیوبوایە، ودەرگای خانووەکانیان و ئەوچارپایەی کە لە سەری دەحەسێنەوە بە هەمان شێوە لە زیو بوایە ، و هەموو ئەم شتانەیشمان بۆ ئەڕازاندنەوە و نەقشیانمان دەکرد بە ئاڵتون، بەڵام ئەمانە هەمووی خۆشی دونیان و دواڕۆژیش هەر بۆ لەخوا ترسانە ) . لەم ئایەتانەدا بۆمان دەردەکەوێت کەخوای گەورە دونیا دەبەخشێت بە کافر لە بەر خۆشەویستی نییە بەڵکو لەبەر ئەوەی دونیا زۆر بێ نرخەو نرخی باڵە مێشولەیەکی نییە لای خوای گەورە، وەکو پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمێت :﴿لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة ما سقى كافرا منها شربة ماء﴾[٤].واتە/ ئەگەر دونیا نرخی یەك باڵە مێشولەیەکی هەبوایە لای خوای گەورە ، ئەوا نەیدەهێشت کافر قومێك ئاوی تێدا بخواتەوە .

لە بەر بێ نرخی یە دونیا دراوە بە کافر و لە بەر بە نرخی بڕوا و ئاینە کە بڕواو ئاین دراوە بە موسڵمانان ، وە ئەگەر ڕەحم و بەزەیی خوای گەورە نەبوایە بە موسڵمانان و بڕواداران– بەو شێوەیەی

---

(٢)- (الزمر:٦٥).

(٣) - ( الزخرف : ٣٣ – ٣٥ ).

(٤)-(مستدرك حاكم ،كتاب الرقاق/،٧٨٤٧،من حديث سهل بن سعد).وصححه الشيخ الالباني في (سلسلة الاحاديث الصحيحة، ٦٨٦/٢و٩٤٣)و(صحيح الجامع الصغير،٥٢٩٢/٢)و(صحيح الترغيب والترهيب ، ٣٢٤٠/٣).

باسمان کرد –ئەوا هەموو دونیا دەدرا بەکافران نەك ئەم خۆشیە کەمەی کە ئێستا تیایدان ، چونکە دونیا فیتنەیە و زۆر کەسیٚ پیٚ هەڵدەخەڵەتێت ئەمەیش بەڵگەیەلەسەر ئەوەی کە خوای گەورە خۆشی نادات بەخەڵکی یان میللەتان لەبەر ئەم بەرژەوەندیانە، چونکە خۆشی دونیا ئادەمیزاد فریودەدات و بەرەو تاوان و هەندیٚ جاریش کوفر دەبیات .

وە هەندیٚ جاریش خوایگەورە بۆ ڕاکێشکردنی(استدراج) کافران وتاوان باران دونیایان دەداتیٚ، وەکودەفەرمێت:﴿ وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُمْ مِنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ﴾[٥].

واتە/ ( ئەوانەی کە ئایە تەکانیخوا بە درۆ دەخەنەوە کە بەڵگەیە لە سەر ئەو ڕاستی وهیدایەتەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هێناویێتی وپێی قایل نین، ئەوا بە مەنزلە دوای مەنزلە ئەیانبەینەوە، ئەویش بە خۆشی دان بە سەریاندا لە ژن و کوڕ و ڕۆزی و هەموو جۆرەکانی تری بەخشش ، وە وایان لیٚ دەکەین کە ستایش و سوپاسی خوای لە سەر نەکەن و لەناو ئەوخۆشی یەدا نوقومیان دەکەین و ڕێی هیدایەتیان لیٚ بزر دەکەین، هەتا وابزانن کە ئیتر هەرگیز توشی ناخۆشی نابن و لە دونیا بە بەردەوامی دەمێننەوە بۆ ئەوەی زیاتر تاوان بکەن و نوقومی کوفر بن و لە ئەنجامیشدا سزایان توند تر دەبێت، و زیانێکی زۆریان بە خۆیان گەیاند بە بیٚ ئەوەی هەستی پیٚ بکەن ئەویش بەهۆی کوفرو بە درۆخستنەوەیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، وە هەروەها ماوەی خۆشییان بۆ زیاد وبەردەوام دەکەین و سزایان لیٚ دوا ئەخەین تا وابزانن کە ئەم خێر وخۆشییە نیشانەی ڕازی بوونی خوایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دونیا پێدانە سزا و سەر شۆڕی لە دوایە).

وە هەروەها جارێکیان ئیمامی عومەر(خوای لیٚڕازی بێت) سەیری کرد ئەوحەسیرەی کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دائەنیشت و ئەخەوت کاری کردۆتە سەر پێستەکەی و نەخشی حەسیرەکەی لەسەردەرچووە ، ئیمامی عومەریش(خوای لیٚڕازی بێت) کەئەمەی بینیدەستی بەگریان کرد، پێغەمبەر(ﷺ)پێیفەرمووی:﴿ما يبكيك؟﴾واتە:چی دەتگرێنێت؟ئەویش فەرمووی:سوێند بەخوای گەورە بۆ ئەوە ناگریم کەنەزانم تۆ بەڕێزتری لای خوای گەورە لەقەیسەروکیسرا ، وەئەوان لەچ نازو خۆشییەکی دونیادا دەژین وتۆیش پێغەمبەری خوایت بەم شێوەیە دەتبینم. لەوەڵامدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: اما ترضى يا عمر أن تكون لهم الدنيا ولنا الآخرة ؟﴾.واتە: ﴿ ئەی عومەر ڕازی

---

(٥)- (الأعراف:١٨٢-١٨٣) .

نابيت دونيا بۆ ئەوان ودواڕۆژيش بۆ ئێمە بێت ؟﴾. ئيمامى عومەر(خواى لىٚڕازى بێت)فەرمووى: بەڵێ. پێغەمبەر﴿ﷺ﴾فەرمووى:﴿فانه كذلك﴾.واتە:بەم شێوەيەيە(دواڕۆژ بۆ ئێمەيە ودونيا بۆ ئەوانە)[٦].

وە لە ڕيوايەتێكى تـردا هـاتووە كـە دەفـەرمێت :﴿ياعمر ان اولئك قد عجلت لهم طيباتهم، وهي وشيكة الانقطاع ، وانا قوم قد اخرت لنا طيباتنا في آخرتنا﴾.واتە:﴿ئەى عومەر ئەوانە ميللەتێكن خۆشى يـەكانيان بـۆپێش خـراوە، وەنزيكـە كۆتـايى بێـت، بـەلاٚم ئێمـە ميللـەتێكين خۆشـى يـەكانمان بـۆدواخراوە بۆدواڕۆژ﴾[٧].

لەم چەند ئايەت و حەديسە كە بە نموونە هێنامەوە و چەندان نمونەى تريش هەيە كە لە بەر درێژە پىٚ نەدان بۆتانم نەهێنايەوە پڕ بە پێست وەلاٚمى ئەم شوبهەيەيە .

## بۆچى ولاٚتەكەمان داگير كرا ؟

### بۆ وەلاٚمى ئەم پرسيارە دوو بۆچون هەيە : .

١- هەنديٚك كەس لەوانەى كە زانستى ئايينيان بە دەست هێناوە تا ڕادەيەك ئەم داگير كردنە دەداتـە پاڵ تاوانەكانى خۆمان، وەكو لەمەو پێش باسمان كـرد، و ئـەم داگـير كردنـە بـە لووتكـەى كارەسـات دادەنێن .

٢- زۆربەى هەرە زۆرى خەڵكى كوردسـتان ئـەم داگـير كردنـە سـەربازى و بيروبـاوەڕى يـە لـە لايـەنى كافرانەوە بۆ ولاٚتەكەمان بە ( پرۆسەى ئازادى ) ناو دەبەن ! ! !

بەوەى دائەنێن كە خواى گەورە ميللەتى كوردى خۆش دەوێت وتۆڵەى لە دوژمنانى كردەوە و كافرێكى كردە هۆكار بۆرزگار كردنى، لەبەرئـەوەى گـەلى كوردگـەلێكى زۆر موسـڵمانە وجـەور وسـتەمى زۆرى لێكراوە وخواى گەورە پاداشتى دايەوە بەم ڕزگار بوونە .

لەوانەيە ئەم بۆچونەيش كەم و زۆر جـۆرە ڕاسـتى يـەكى تێدا بێـت كـە خـواى گـەورە ئـەم كافرانـەى كردبێتـە هۆيـەك كـە ئاييندكـەى پـىٚ سـەربخات ، لەگـەڵ ئەوەيشـدا كـە كـافر ئەمـەى ئـەنجام داوە

(٦) – (صححه الشيخ الألباني في صحيح الأدب المفرد ، باب الجلوس على السرير، ٨٩٠/١١٦٣ ).

(٧)- (مستدرك حاكم ،كتاب الاطعمة/٧٠٧٢).وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب) ، (٣٢٨٤/٣).

بۆبەرژەوەندی یەکانی خۆی ، بەڵام بە قەدەری خوای گەورە بەسود دەگەڕێتەوە بەسەر موسڵماناندا و بانگەوازی ڕێگە ڕاستەکەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ جۆرە بوژاندنەوەیەکی بەخۆوە بینی کە لە پێش تردا نەبوو ، وەکو چۆن پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەفەرمێت :﴿ ان الله ليؤيد هذا الدين بالرجل الفاجر ﴾.[٨] واتە /خوای گەورە ئەم ئایینە بەرز دەکاتەوە بەهۆی پیاوی خراپ و تاوانبارەوە .

ئەگەر بێتو ئیمە ئەم بۆچونە بە ڕاست بزانین ئەوا دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە خوایگەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی بەسەرهاتی چەندەها میللەتانی پێش خۆمانمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی ئەگەرکەوتینەناو هەمان کێشە و کارەساتەوە سودوپەندی لیٚ وەربگرین و بە هەڵەی ئەوانەی پێشودا نەچین .

بە بۆچونی من نزیکترین ڕووداو کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە بە دەستی بەعسی یەکان لە کوشتن و بڕین و بە کەم زانین، ئەو جەور و ستەمانەیە کە بەنی ئیسرائیل بە دەست فیرعەونەوە بە سەریاندا هات ، بۆ ئەم مەبەستەیش دەبێت لە بارو دۆخی یەهودی یەکانی بەنی ئیسرائیل باش تێبگەین و دەرسی لیٚ وەربگرین و بزانین خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چۆن باسیان دەکات کە دەفەرمێت :﴿ وَقَالَ الْمَلأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللَّهِ وَاصْبِرُوا إِنَّ الْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴾[٩]. واتە: دوای ئەوەی یەهودی یەکان ئازارێکی زۆریان بینی بە دەست فیرعەونەوە ودرێژەی کێشا، وهیچ توانایان نەبوو بۆ گۆڕینی تەنها پشت بەستن و داوایکۆمەك کردن نەبیت لە خوای گەورە، لەبەر ئەوە موسی ﴿ﷺ﴾ئامۆژگاری یانی کرد کە پشت بە خوا ببەستن بۆ هێنانەدی خێر وخۆشی و رزگاربوونیان لە کێشە و کارەسات و ناخۆشی ، وەهەروەها دان بە خۆیاندا بگرن و چاوەڕێی دەرفەتی خوا بن، و زەویش مولکی فیرعەون و قەومەکەی نییە، بەڵکو مولکی خوایە و بە دانایی و بە ویستی خۆی لە نێوان بەندەکانیدا ئاڵوگۆڕی پێدەکات ودواڕۆژیش هەر بۆ لە خوا ترسانە، وە بەندەیش دەبێت بەم شێوەیە کار بکات لە کاتێکدا توانای هەبوو ئەیخاتە کار بۆ

---

(٨ )- [البخاري كتاب الجهاد والسير،باب ان الله ليؤيد هذا الدين بالرجل الفاجر/ ٢٨٩٧ من حديث أبي هريرة (رضي الله عنه)] (وصحيح الجامع الصغير)،(١/٢٤٢٣ و ٢/٧٨٢٣).

(٩) - (الأعراف:١٢٧-١٢٨).

لادانی ئەو چەوسانەوەی کە توشی بووە لە لایەن کەسانی ترەوە دوای پشت بەستن بە خوا، وە لە کاتی بێ دەسەڵاتیشدا دەبێت ئارام بگرێت و پشت بە خوا ببەستێت و چاوەڕێی دەرفەتی خوای گەورە بکات.

وە لە ئایەتی دووەمدا یەهودی یەکان بەبێزارییەوەبە موسایان(ﷺ) ووت – لەبەر درێژە کێشانی ماوەی چەوسانەوەیان لە لایەن فیرعەونەوە– : ئیمە ئازار و عەزیەت و ئەشکەنجەمان دەخوارد پێش ئەوەی کە تۆ ببیت بە پێغەمبەرمان (ئەویش بە سەربڕینی منداڵەکانیان لە کاتی لە دایك بوونی موساوە(ﷺ)) ، وە دوای هاتنیشت ئازارەکانمان هەر بەردەوامە تا ئیستا (ئەویش بە کوشتنی کوڕەکانیان لە بەر ئەوەی کە شوێنی موسا کەووتوون)، موسا(ﷺ) فەرمووی : تکام وایە لە خوای گەورە دوژمنەکەتان لە ناوبەرێت و هەڵسوڕاندنی ئەو زەوی یەی کە فیرعەون دەسەڵاتی هەیە بە سەریدا بیدات بە ئێوە لە دوای فیرعەون و قەومەکەی .

ئەم دەسەلأت پێدانەیش بە یەهودی یەکان حیکمەتێکی خوایی یە، ئەویش تاقی کردنەوەی بەندەکانێتی لە خۆشی وناخۆشی ولەبە توانایی و لە بێ توانایی ، و خوای گەورەیش تەماشاتان دەکات ئایا سوپاسی دەکەن لە سەر ئەم کارە ئەویش بە جێ بەجێکردنی فەرمانەکانیو نەکردنی تاوان، یان کوفر دەکەن ئەویش بە گوێ پێنەدان بە فەرمانەکانی و ڕێ خۆش کردن بۆ تاوانکردن .

دوای تێگەیشتنمان لەم دوو ئایەتە پیرۆزەیش کە باسی قۆناغێك لە قۆناغەکانی یەهودی یەکان دەکات، دەبێت بەووردی مامەڵەی لە گەڵدا بکەین و سودی لێ وەربگرین بۆ ئەوەی وەك ئەوانمان بەسەر نەیات .

لە بارو دۆخێکی هاوشێوەدا گەلی کورد جەور و ستەمێکی زۆری بینی و دوای ئەمەیش خوای گەورە ڕزگاری کرد ( بە بۆچونی دووەم ) دەبێ لە خۆمان بپرسین دوای ڕزگار بوونمان چ ئەرکێك دەکەوێتە سەر شانمان ؟

بێگومان دەبێت سوپاسیخوای گەورە بکەین و سوجدەی شوکری بۆ بەرین و چاو بە خۆماندا بخشێنینەوە و سەیری ئەرکەکانمان بکەین کە لە ڕابردوودا ئەنجامنان داوە، وهەرچیکەم و کورتی یەکمان هەبێت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە و بەپێی توانایش تاوانەکانمان کەم بکەینەوە و بەشێوەیەکی

زانستیانە و بێ ووچان بگەڕێینەوە سەر ڕێگا ڕاستەکەی پێغەمبەر(ﷺ)، لەبەر ئەوەی ئێستا تێگەیشتین دوای ڕاڤە کردنی ئەم دووئایەتە پیرۆزە کە خوای گەورە تێمان دەڕوانێ و سەیرمان دەکات ئەم گەلە ڕزگارکراوە ! بە چ شێوەیەك کاردەکەن؟.

## ئێمە دوای ڕزگاری ! چۆن کارمان کرد؟

بەڕاستی گەلی کورد لە کاتێکدا کە ژێر دەستە بوو زیاتر ڕوو لەخوا بوو ، وە فەرمانەکانی خوای بەجێ ئەهێنا، بەڵام دوای ئەوەی کە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخسا زیاتر بەرەو دونیا ملی ناو حیزبێکی زۆر هاتە کایەوە کە ئەمەیش هۆیەکی سەرەکی یە بۆ پارچە پارچە بوونی موسڵمانان و ڕێك نەکەوتنیان ، وە پێش برکێ یەکی بێ ووچان هاتە کایەوە بۆ پلە وپایە و تاڵانی و دزی و دەست درێژی کردنە سەر مافی کەسانی تر، ئەم کردەوانە نەك تەنها ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەفرەتی‌لێ دەکات بەڵکو لەگەڵ داب ونەریتی کۆمەڵگای‌کوردەواری بە شەرەفیشماندا ناگونجێت ، چونکە ئەم ڕەوشت نزمی یەی کە بلأوبۆتەوە لە ناوماندا لە ووڵاتانی کوفرەوە بۆمان هاتووە وهەرگیز لە ناو گەلی کوردی موسڵماندا نەبووە، بەڵکو شتێکی زۆر ناشیرینە و دیاردەیەکی نامۆیە و دژایەتی نەك بە تەنها ئاینی ئیسلامی پیرۆزی پێ دەکرێت بەڵکو میللەتی کوردیشی پێ دەفەوتێت، چونکە هەر میللەتێك دەستی کرد بە تێکەڵاو کردنی ژن وپیاو وزینا کردن و خواردنەوە ، وتاوانی جۆراو جۆریان ئەنجامداو بەرەو ئارەزووەکانیان ڕۆیشتن، ئەوا لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە ڕوو ڕەشی دنیاو قیامەتیان دەکات و کارەساتیان بە سەردا دێنێت و توشی سزای سەختیان دەکات، ئەوا غیرەتیشیان لێدەسێنێتەوە و تەنانەت ناتوانن بەرگری لەخۆیان و وڵات وخاك و شەرەفیشیان بکەن ، وە باشترین نمونەیش بۆ ئەم مەبەستە ڕووخاندنی‌دەوڵەتی فەرەنسا بوو بەرامبەر هێرشەکەی هیتلەر ، چونکە خەڵکی فەرەنسا لەو سەردەمەدا لە هەموو ووڵاتانی تر زیاتر بەرە و ئارەزووەکانیان چووبوون، نەیان توانی تەنها ( ٢٤ ) کات ژمێر بەرگری بکەن لە ووڵاتیان و هەموو شتێکیان دایە دەستەوە و کەوتنە ژیانێکی پڕ لە سەر شۆڕی ، چونکە ئەم ڕووداوە ئەنجامی ئاسایی هەموو گەلێکە کە بکەوێتە دوای ئارەزووەکانیان بە بێ سنور. لەوانەیە کەسانێك هەبن کە لەم بۆچونەدا لەگەڵمدا نەبن وبڵێن تۆ بۆ لەیەك لایەنەوە سەیری کۆمەڵگەکەمان دەکەیت ؟ ئەی بۆچی سەیری مزگەوتەکانمان ناکەیت کە بەتایبەتی لە نوێژی جومعەدا شوێن نامێنێتەوە بۆ نوێژ کەران تا نوێژی لێ بکەن تەنانەت لە کوچە و کۆڵانەکانیشدا بەرماڵ داخراوە

بۆ نوێژ کردن ؟له وەڵامدا دەڵێم : ئەمەی ئێوه دەیڵێن ڕاسته و لەوانەیه زۆر خواپەرستیی تریش هەیه کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین ، بەڵام ئێمە بە شتی داهێنراو ( **بیدعة** ) و نەفامی خوا ئەپەرستین و لە سەر سوننەت نین و هەندێ جاریش بە نەفامی بە کوفریشدا دەچین ( پەنا ئەگرین بە خوا ) .

وە دەبێت ئێمە ئەمەیش لە یاد نەکەین کە خوا پەرستی ( **عبادة** ) بەبێ لە خواترسان ( التقوى ) سودێکی ئەو تۆی نی یە بەڵکو ئەم دووانە کۆڵەکەی هەموو موسڵمانێکی ڕاستەقینەن ، وە لە خواترسان ( التقوى ) ئەوەیە کە دوورکەوینەوە لە هەموو وتەو کردارێك کە خوای گەورە و پێغەمبەر ﷺ پێمانیان ڕاگەیاندووە کە لێی دوور کەوینەوە .

ئێمە نوێژ دەکەین بەڵام زۆربەی ئافرەتانمان پەیڕەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ناکەن لە تێکەڵاو نەبوون لەگەڵ پیاواندا و لە پۆشاك و حیجابدا ، جگە لەمەیش زۆربەمان غیرەتمان نیە بەرامبەر تاوانباران و گوێ نەدەران بە سنوری خوای گەورە کە فەرمانیان پێ بکەین بە چاکە و بەرهەڵستیان بکەین لە خراپە کە ئەمەیش لە خۆیدا کۆڵەکەی سەرەکی ئاینەکەمانە، وەهەر موسڵمانێك خۆی چاك بوو ( صالح ) بوو بەڵام فەرمانی نەکرد بە چاکە و قەدەغەی نەکرد لە خراپە پێی ناووترێت ( مصلح ) چاك کەرەوە.

## ئایا بۆ خۆت چاك ( صالح ) بیت بەسە یاخود دەبێت چاك کەرەوە ( مُصْلِح )یش بیت ؟.

بۆ پێناسەی ئەم دووجۆرە دەڵێین : پیاوی چاك ئەوکەسەیە کە فەرمانی خوا و پێغەمبەر ﷺ جێ بەجێ دەکات و ئەوەیشی نەهی لێ کراوە لێی دور دەکەوێتەوە، بەڵام کەمتەرخەمی یەکەی لەوەدایە کە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە ناکات ، واتە ئەو چاکە و زانست و گەنجینەیەی کەهەیەتی تێناپەڕێت لێیەوە بۆ موسڵمانێکی تر .

چاك کەرەوەیش ( مصلح ) ئەو کەسەیە کە خۆی لە خۆیدا چاکەو هەموو ئەو شتە چاکانەی کە ئەیزانێت و کاری پێ دەکات، و دەیگەیەنێتە هەموو ئەو موسڵمانانەیکە کاریان بەم گەنجینەیە هەیە و هەردەم خەم خۆری ئاینەکەیەتی، و هەر کەم و کورتی یەك یان کەمتەرخەمی یەك یان زێدەڕەوی یەك ببینێت لە برای موسڵمانی یان لە کۆمەڵگاکەی ئەوا بە پەلە و بێ دواکەوتن بە زانستەوە برایانی کۆمەڵگاکەی ئاگادار دەکاتەوە.

بێگومان له کۆمەڵگەی کوردەواریمان پیاو چاکمان هەیە بەڵام چاك کەرەوەمان زۆر کەمە، ئەمەیش یان لەبەر نەزانی یە، یان دەرفەت نەدراوە بە پیاو چاکانمان ، یاخود کەمتەرخەمی و گوێ نەدان و کەم غیرەتیە بەرامبەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

ئەگەر بێت و هەر پیاو چاکێك بێت و بڵێت: من چاکم و هەقم بە سەر کەسەوە نیە، دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەم کردارەی ئامانجی سەرەکی شەیتانە، چونکە فەرمان نەکردن بە چاکە و بەرگری نەکردن لە خراپە هۆی سەرەکی ناڕەزامەندی خوای گەورەو تۆڵە سەندنی لەپیاو چاك و کۆمەڵگەکەیشێتی، هەروەکوچۆن لەم فەرموودەیەدا دەردەکەوێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەر ﷺ لەخەوهەستا ڕەنگیسور هەڵگەڕابوو، دەیفەرموو:﴿ لا اله الا الله ويل للعرب من شر قد اقترب ، فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذا؛( وحلق باصبعه الابهام والتي تليها) قيل اهلك وفينا الصالحون؟! قال: نعم اذا كثر الخبث﴾[١٠] .

واتە/ هاوار بۆ عەرەب لە ناخۆشی و ئێش و ئازار و خراپەیەك کە نزیك بۆتەوە، ئەمڕۆ لە بەربەستەکەی یەئجوج ومەئجوج ئەوەندە کرایەوە" بەپەنجە کەڵەکەی وئەوەی تەنیشتی بازنەیەکیدروست کرد.

دوای ئەمەزەینەبی خێزانی(خوای لیڕازی بێت) پێی فەرموو:

ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئێمە توشی کارەسات و فەوتاندن دەبین و پیاو چاکیشمان تێدایە ؟! فەرمووی : بەڵێ ئەگەر خراپە کار وتاوانبار زۆر بوو.

لەم فەرموودەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر میللەتێك خراپەکاربن و تاوانباربن ئەوا سزای خوای گەورە دەیان گرێتەوە ئەگەر چی پیاو چاکیشیان تێدا بێت، ئەمەیش لە بەر ئەوەیە فەرمان ناکەن بە چاکە و نەهی ناکەن لە خراپە .وە لە نمونەیەکی زۆر ئاشکرا و ڕووندا کە لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە بۆمان دەگێڕیتەوە لەجولەکەکانەوە زۆر بە جوانی دەردەکەوێت کە جیاوازی یەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا، خوای گەورە دەفەرمێت ﴿وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ كَذَلِكَ نَبْلُوهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُوا مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنْجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا

---

(١٠) – (البخاري،كتاب الفتن،باب: ويل للعرب من شر قد اقترب/٦٦٥٠) ،و(سلسلة الاحاديث الصحيحة) ، ( ٢/٩٨٧)و(صحيح الجامع الصغير ، (٢/ ٧١٣٥و ٧١٧٦ ) و(صحيح الترغيب والترهيب ، ٢/ ٢٣١١).

كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾[11] .واته :خوای گەورە لەم ڕووداوەدا ئەوەمان بۆ باس دەکات کە چۆن ڕاوکردنی ماسی لەڕۆژی شەممەدا لە جولەکەکان حەرام کرد بە هۆی تاوانەکانیانەوە، ولەهەمان کاتیشدا تاقی یانی کردەوە بەوەی کە ڕۆژی شەممە کەناری دەریا پڕ دەبوو لە ماسی وڕۆژەکانی تریش یەك ماسی لە دەریادا نەدەبینرا!! زۆربەی جولەکەکان ئارامیان نەگرت لە سەر ئەم تاقیکردنەوەیە و هەستان فێڵێکیان دۆزی یەوە بۆ ڕاو کردنی ماسی، ئەویش بە هەڵکەندنی چەند جۆگایەك و تۆڕ دانان لە ناویاندا و کە ڕۆژی شەممە دەهات ماسی یەکان دەهاتنە ناو ئەم تۆڕانەوە بەڵام دەستکاری یان نەدەکرد تا ڕۆژی یەك شەممە ئەو کاتە ماسی‌یەکانیان دەردەکرد، جولەکەکان لەم ڕووداوەدا بوون بە سێ کۆمەڵەوە :زۆربەیان فەرمانیخوایان شکاند و ڕاویان کرد بەم شێوەیەی کە باسمان کرد، کۆمەڵێکی تریان ئامۆژگاری ڕاوکەرەکانیان کرد، وکۆمەڵی‌سێ یەمیش نە ڕاویانکرد و نە ئامۆژگاری ڕاوکەرەکانیان کرد کە سنوری خوایان شکاند .

پیاو چاکەکان ( صالح ) ەکان بە چاککەرەوەکانیان ( مصلح ) ەکانیان ووت : ئێوە بۆچی ئامۆژگاری کۆمەڵێك دەکەن کە فەرمانی خوایان شکاندووە و خوای گەورەیش لە ناویان دەبات ، وە یان سزایەکی توند و تیژیان دەدات؟ چاك کەرەوەکان لە وەلأمدا ووتیان : لە بەر ئەوەی ( **عذر** ) مان هەبێت لای خوای گەورە کە فەرمانمان کردووە بەچاکە و بەرهەڵستیمان کردووە لە خراپە، و لەبەر ئەوەیش بەڵکو لەخوا بترسن و فەرمانەکەی نەشکێنن.

لە دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵەی کە فەرمانی خوایان شکاند و گوێڕایەڵی ئامۆژگاری یەکە نەبوون و بەردەوام بوون لە سەر ڕاوکردن ، خوای گەورە سزایەکی توندیانی داو هەموویانی کرد بە مەیمون و بەراز، وە ئەو کۆمەڵەی ئامۆژگاری یان دەکرد ( مصلح ) ەکان خوای گەورە لەو سزایە بەدوریانیخست ، بەڵام کۆمەڵی‌سێ یەم کە ( صالح ) ەکانن خوای گەورە باسی چارەنوسیان ناکات، لەبەر ئەوە زانایانی ڕاڤە هەندێکیان فەرموویانە ئەمانیش توشی سزا بوون لە بەر ئەوەی وازیان هێنا لە فەرمان کردن بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە، بەلأم هەندێکی تر لە زانایان دەفەرموون : نەخێر ئەمانیش ڕزگار بوون لە سزا لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك هەستان بەفەرمان کردن بە چاکەوقەدەغەکردن

---

(١١)- (الأعراف:١٦٣-١٦٥).

لەخراپە، ئەوا لەسەر ئەمان لاچوو چونکە فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە(**فرض کفاية** )یە.واتە/ئەگەر کۆمەڵێك پێ ی هەستێت ئەوا لەسەر ئەوانی تر لادەچێت .

( ابن عباس ) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی :( ئەوانەی فەرمانیان کرد بە چاکە و قەدەغەیان کرد لە خراپە ڕزگاریان بوو، وە ئەوانەی کەڕاویان کرد توشی سزای سەخت بوون ، والله ئەگەر بزانم ئەو کۆمەڵەی کە وتیان (**لم تعظون قوما** ) ((واتە/پیاو چاکەکان (صالح)ەکان)) ڕزگاریان بووە خۆشەویست ترە لەلام لە وشتری سور

( کەچاك ترین ماڵ بووە لای عەرەب ) بەلاّم دەترسم سزاکە ئەوانیشی گرتبێتەوە ، ( **عكرمة** ) (ڕە حمەتی خوای لێ بێت )دەفەرمێت : ئەوەندە هەوڵم دا کە زەینی ڕۆشن کەمەوە تاوەکو زانیی کەڕزگاریان بووە، وەلە پاداشتی ئەمەیشدا پۆشاکێکی‌پێمدا.

دوای ئەوەی کە ئەم بەڵگە ڕوون و ئاشکرایەمان باس کرد بە جوانی دەرکەوت کەوا گەرچی مزگەوتەکانمان پڕ بێت لە نویژ کەر و ڕۆژووگر وحەج کەر بەلاّم ئەمە سزای خوای گەورە لە سەرمان لا نادات و دوای ناخات ئەگەر بێتو و هەوڵ نەدەین کەسانی تریش چاك بکەینەوە و ئامۆژگاریان بکەین.

خوای گەورە بێ ووچان تورە بوو لەجولەکەکان لەبەر کەم تەرخەمی یان لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزە، وەکوخوای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن نەفرەت لە کافرەکانی ( بنی اسرائيل ) کراوە لەسەر زمانی داود و عیسی(**عليهما الصلاة والسلام**) لە بەر ئەوەی زیادە ڕەوی یان دەکرد و مافی خەڵکیان دەخوارد و بەرهەڵستی‌یان نەدەکرد لەو کردارە خراپانەی کە دەیان کرد : ﴿ **لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ**﴾[١٢] .

لە بەر ئەوە دەبێت لە ناو خۆماندا پێش بڕکێ بکەین بۆ ئەنجام دانی ئەم ئەرکە پیرۆزە ، وە ئەو کەسەی کە

دڵسۆزی گەلەکەیەتی دەبێت بە هەموو شێوەیەکی شەرعی هەوڵ بدات کە ئێش و ئازارو سزایان لێ کەم بکاتەوە ، و لە کارەسات ڕزگاریان بکات و هەوڵ بدات کە میللەتەکەی لە ڕەزامەندی خوای گەورەدا بن و سەرفرازی دونیاو قیامەت بن، ئەویش بە ئەنجام دانی ئەم ئەرکە پیرۆزە دێتە کایەوە، خوای

---

(١٢) - ( المائدة / ٧٨ – ٧٩ ).

گەورەیش پەیمانی داوە هەر گەلێك یان شارێك چاككەرەوە (مصلح ) یان تێدا بوو ئەوا سزایان نادات وەکو دەفەرمێت :﴿ فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِنْ قَبْلِكُمْ أُولُو بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّنْ أَنْجَيْنَا مِنْهُمْ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ وَكَانُوا مُجْرِمِينَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾[١٣]. واتە/ بۆیە ئەو گەلانەی پێش ئێوەمان سزادا لەبەر ئەوەی ( مصلح ) چاك كەرەوەیان زۆر كەم بوو، وە هەموویان خەریكی دونیا و خراپە كاری بوون، لەبەر ئەوە خراپەكارانمان سزاداو چاكەكارانمان ڕزگار كرد، وە خوای گەورەیش هیچ شارێك نافەوتێنێت ئەگەر بێت و خەڵكەكەی ڕوو لەخوابن و چاكە كار بن و فەرمان بكەن بەچاكە و بەرهەڵستی بكەن لە خراپە، لە بەر ئەوە دەبێت پیاو چاكانمان هیممەت بكەن بۆ بانگەواز كردنی گەلەكەیان بۆ ڕێگا ڕاستەكەیپێغەمبەرەكەیان﴿ﷺ﴾ ، وەواز نەهێنن بەوەی كەخۆیان چاكن لەبەر ئەوەی ئەگەر خراپە و تاوان زۆر بوو وەكەسیش نەبوو بەرپەرچیان بداتەوە وئامۆژگاریيان بكات ، ئەوا وردە وردە خراپەو تاوان تەشەنەدەكات بەڕاددەیەك كەپیاو چاك و ماڵ و منالیشی دەگرێتەوە، لێرەدا كاتی ئەوە هاتووە كە ئەو ئایەتەی سورەتی ( **البقرة** ) بهێنمەوە یادی ئەو بانگەواز كەرانەی كە سست بوونە و ڕوویان لە دونیا كردووە كە خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾[١٤] .

ئەم ئایەتە گەرچی لە سەر جولەكەوگاور دابەزیوە لە بەر ئەوەی سیفات و ناسنامەی پێغەمبەریان﴿ﷺ﴾شاردۆتەوە بەڵام حوكمەكەی هەموو كەسێك دەگرێتەوە كەوا هەر زانستێكی ئاینی هەبێت بیشارێتەوە ، چونكە بەم زانستە خەڵكی ڕێی ڕاست دەدۆزێتەوە وهەنگاودەنێت بەرەوبەهەشت. خوای گەورە زانایانی پابەند كردووە بۆ ئەوەی زانستی قورئان و سوننەت بگەیەنن بە خەڵكی و بێدەنگ نەبن، چونكە ئەمە خۆی لە خۆیدا دوو خراپە كاری ئەنجام دەدات، یەكەم: شاردنەوەی ئەو زانستەیە كە خوای گەورە دایبەزاندووە ، دووەمیشیان: فێڵ كردن و غەش كردنە لە بەندەكانی خوا،

---

(١٣) - ( هود / ١١٦ – ١١٧ ) .

(١٤) - (البقرة /١٥٩- ١٦٠).

وه هەر کەسێکیش ئەمە حاڵی بێت ئەوا خوای گەورە دوریان دەخاتەوەلە سۆز و بەزەیی خۆی ونەفرەتیان لێ دەکات و هەموو زیندەوەرانیش نەفرەتیان لێ دەکەن، لەبەر ئەوەی زانستیان شاردۆتەوە کەئەمەیش دەبێتە هۆی ڕێ لێ تێکدان لە موسڵمانان ، وە هەر کەسێکیش هەندێك زانستی لابێت وبانگەوازی بۆ نەکات، لەگەڵ ئەوەی کەکاری پێ بکات وەکو ئەمانە وایە کە خوای گەورە لەم چەند ئایەتەدا باسیان دەکات .

# چارەسەر:

دوای دەست نیشان کردنی زۆربەی نەخۆشیەکانی کۆمەڵگای کوردەواریمان بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم کە ئەم نەخۆشیانەتان بۆ چارە سەر بکەم بۆ ئەوەی هەر کەسێك لەلای خۆیەوە بەگوێرەی توانای بەجێی بکات، ویارمەتی برایانی موسڵمانی بدات بۆ ئەوەی لە تاوان دووركەونەوە ئەگەر تاوانبار و خراپە کارن، وە ئەگەر پیاو چاکیشن هانیان بدات بۆ ئەوەی ببن بە ڕێ نیشاندەر بۆ برایانی تری.

برای موسڵمانم: ئەگەر بۆ ئایینەکەت هەوڵ دەدەیت "دەبێت وا بیت، وە ئەگەر بۆ میللەتی کورد هەوڵ دەدەیت دەبێت چاك بزانیت کە ئێمەی سەلەفی زۆر لە تۆ دڵسۆز ترین بۆ میللەتەکەمان و زۆر زۆریش گەلی کوردمان خۆش دەوێت، بەلاَم خۆشەویستی ئێمە زێدەڕەوی تێدا نی یە وەکو چۆن لەهەموو لایەنەکان تری ئاینەکەمان زیدەڕەویمان نی یە ، ئەو زێدە ڕەوی یەی کەوامان لێ بکات ستەم لە گەلانی تر بکەین وەکو چۆن ئەوان ستەمیان لە ئێمە کرد، وە لەدەمارگیری نی یە ئەگەر بێتو هەر کەسێك گەلەکەیخۆی خۆش بوێت ، بەڵکو دەمارگیری ئەوەیە کە یارمەتی گەلەکەت بدەیت لەسەرستەم کردن.

لێرەدائەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ گەلەکەی شتێکی قەدەغەکراو نی یە ئەگەر ئاراستەی خزمەت کردنی بکرێت لە چوار چێوەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا ، وە گەورەترین خزمەت بۆ گەلی کورد لە لایە ن هەر کوردێکی دڵسۆزەوە ئەوەیە کە هەر کەسە ولای خۆیەوە بە تاك وبە کۆ هەستین بە نەهێشتن و کەم کردنەوەی هەموودیاردەکانی هاوبەش بڕیاردان لە گۆڕ پەرستی وشەخس پەرستی و هاوار کردن بۆ پیاوچاکان و داوای کۆمەك کردن لێیان و سوڕاندنەوە بە دەوری

قەبرەکانیاندا ئەویش بە: بڵاو کردنەوەی ڕێبازی پێشین ( **عقيدة ومنهج السلف الصالح** ) لە مزگەوتەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان و لە هەموودەرفەتێکدا کە بڕەخسێت ، و ووریاکردنەوەی گەلەکەمان لەم دیاردە ترسناکە .

وە دەبێت ئەوەیشمان لە یاد نەچێت کەوائەکێکی گەورە کەوتۆتە سەر شانمان ئەویش هەوڵدانە بۆ هەڵکەوتنی چەند زانایەکی ئاینیکورد کە لەسەر بڕوا و ڕێبازی پێشین بن ، لەبەر ئەوەی ژیان و بەرزی هەر نەتەوەیەك بە زۆری و کەمی ژمارەی ئەم جۆرە زانایانەن ، وە بە بوونی ئەم جۆرە زانایانە دیاردەی کوفری نامێنێت و ڕیشەکێش دەکرێت دوای پەنا گرتن بە خوای گەورە، وە ئێمە کەدەڵێین ( زانای ئاینی ) مەبەستمان ئیمام و ووتار خوێنی مزگەوتەکان نییە، لەگەڵ ڕێزمان بۆ چاکە کانیان و داوای هیدایەت کردنمان لە خوای گەورە بۆ خراپە کانیان بەڵکو زانا ئەو کەسەیە کە لە مانای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ بەتەواوی تێ دەگات و زانستی تەواوی هەیە بە **ناسیخ و مە نسوخ و عام و خاص و مطلق ومقيد و نحو و صرف** و، زانیاری یەکی تەواوی هەبێت لە بڕوا و ڕێبازی پێشین و ئیجتیهادەکانیان و بۆچونەکانیان، لەگەڵ ئەمانەیشدا دەبێت زانا گەورەکانی ئیسلام کە هاوچەرخین شایەتی بۆ بدەن کەزانایە و ئاماژە بۆ لێ هاتوویی بکەن کە شایستەی ئەوەیە کەفەتوا بدات .

ئەگەر بێت و بەم شێوەیەی باسمان کرد زانا لە میللەتەکەماندا دەرکەوێت جگە لەوەی دیاردە کوفری یەکان

کەم دەبنەوە یاخود نامێنن ، مۆڵەت بەو کەسانەیش نادرێت کە شایستەی فەتوادان نین کە بە نەفامی فەتوا بدەن لە سەر چەند شتێك کە چارەنووسی میللەتێکە و ئاژاوە و بشێوی بنێنەوە .

وە بۆ چارەسەر کردنی هەموو جۆرەکانی تاوان دەبێ چاو بە خۆماندا بخشێنینەوە و دەست بکەین بە خوا پەرستنێکی ڕاستەقینە، و لە هاوڕێی خراپ دوور بکەوینەوە وداوای هیدایەت لە خوای گەورە بکەین و لە کۆمەڵی موسڵمانان دوورنەکەوینەوە بۆ ئەوەی شەیتان زاڵ نەبێت بەسەرماندا و داوای زانستی شەرعی بکەین و فێری نزا و دوعاکان ببین و بۆ ئەوەی پارێزراو بین لە شەیتانی جن ومرۆڤ .

وە دەبێت جڵەوی ئافرەتەکانمان بگرینەوە بۆ ئەوەی بەڕاستی شایانی ڕێزلێنان بن .

له کۆتایی باسەکەمدا دەمەوێت ئەوە بەهەموو کوردێکی دڵسۆز بگەیەنم ئەگەر بەرزی گەلی کوردت مەبەستە ئەوا دەبێت هەوڵی ئەوە بدەیت کە خۆت و میللەتەکەت پابەندی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بن، چونکەبەرزی هەموو میللەتێك لە دونیا وقیامەتدا بە گوێرەی پەیڕەوی کردنیانە بۆ ئەم ئاینەپیرۆزە" بۆیە کاتێك ئیمامی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت)کەوتەڕێ بۆ ( بیت المقدس ) بۆ ئەوەی بیکاتەوە لەسەر خواستی گاورەکان، کاتێك گەیشتە نزیکیان (**ابو عبیدة** ) (خوای لێ ڕازی بێت)بە ئیمامی عومەری فەرموو : چاکتر وایە جلەکانت بگۆڕیت و بە شێوەیەکی ڕێك وپێك تر بچیتە لای گاورەکان ( لە بەر ئەوەی جلە کانی قوڕاوی بوو، وەپینەی پێوە بوو ) ئیمامی عومەر(خوای لێ ڕازی بێت) لە وەلآمدا فەرمووی : ﴿ انا كنا أذل قوم فأعزنا الله بالاسلام، فمهما نطلب العز بغيرما أعزنا الله اذلنا الله﴾(١٥) . واتە / ئێمەزەلیل ترین وسەرشۆڕترین نەتەوەبووین ، خوای گەورە بەرز و شکۆمەندمانی کرد بە پەیڕەوی کردنمان بۆ ئیسلام ، وەهەرکاتێك داوای بەرزی وشکۆمەندی بکەین بەجگە لەئیسلام ئەوا خوای گەورە سەرشۆڕو ڕیسوامان دەکات.

وەهیوام وایە کە هەندێك لە نەخۆشی یە زۆرەکانی میللەتەکەمم دەست نیشان کردبێت و چارەسەر کردنیانم پێکابێت، وە هەرچی شتێکی ڕاست و چاکم نووسی بێت ئەوا لە خوای گەورەوەیە، وە هەرچی هەڵەیەکیشی تێدا بێت ئەوا لە من و شەیتانەوەیە و ڕێبا ز و بڕوای پێشین لێی بەرین و داوای لێ خۆشبوون لە خوای بە سۆزم دەکەم .

**ان اريد الا الاصلاح ما استطعت وما توفيقي الا بالله عليه توكلت واليه انيب. اللهم هل بلغت اللهم فا شهد .**

---

(١٥) – (صحيح الترغيب والترهيب)،(٣/٥١٩٣).

# سەرچاوەكان

١- قورئانى پيرۆز .

٢- تەفسيرى – زبدة التفسير من فتح القدير – محمد سليمان عبدالله الاشقر.

٣- تەفسيرى-تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان – عبدالرحمن بن ناصر السعدي.

٤- اقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم – شيخ الاسلام ابن تيمية .

٥- فتاوى كبار علماء المعاصرين .

نوسينى مامۆستا لقمان حسن امين

www.fermude.com